**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە:٢/٢٠٨٠/٢ لە ٢٠١٦/٢/٢**

لە ڕوانگەی حوکمەکانی هەر دوو یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان و یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ، بڕیاردرا بەدەرکردنی ئەم ڕێنمایە سەبارەت بە وەرگرتنی ڕسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە بەم شێوەی خوارەوە :-

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٦
## وەرگرتنی ڕسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان

**یەکەم:** تەنها وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێم مافی بەخشینی مۆڵەتی هەیە بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەپێی ماددە (٢٨) لە یاسای زانکۆ تایبەتەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣).

**دووەم:** پاڵپشت بە ماددەکانی (٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥٠) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠ )ی ساڵی (٢٠٠٨) و ماددەی (٣٣)ی یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) ، دەبێت ساڵانە ئەم مۆڵەتە نوێ بکرێتەوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە ئەگەر ئەم زانکۆ یان پەیمانگەیە پێشێلی هیچ ڕێنماییەکی وەزارەتی نەکردبوو لە ڕووی کارگێری و دڵنیایی جۆرییەوە ، وە ساڵانە بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار رسومات دەدرێت بە وەزارەت بەرامبەر نوێکردنەوەی ئەم مۆڵەتە.

**سێیەم:** وەرگرتنی ڕسومات دەبێت بە نەختینە بدرێت بەوەزارەت و دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەت بەپێی حوکمەکانی ماددە (٦) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ، وە پاڵپشت بە ماددەی (٣٣) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان.

**چوارەم:** لە بەرامبەر بەخشینی مۆڵەت بۆ کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگەی تایبەت ئەم رسوماتانەی خوارەوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی ماددەی شەشەم / یەکەم (٢) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) .

١- بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠) دوانزدە ملیۆن دینار لەکاتی پێشکەش کردنی پرۆپۆزەلی کردنەوەی زانکۆی تایبەت یاخود پەیمانگەی تایبەت ، وە ئەم بڕە پارە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لە سەر پرۆپۆزەلەکە بدرێت یاخود نەدرێت .

٢- بڕی (٢٥٠٠٠٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پرۆپۆزەلی کردنەوەی زانکۆی تایبەت .

٣- بڕی (٥٠٠٠٠٠٠٠) پەنجاملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پرۆپۆزەلی کردنەوەی پەیمانگەی تایبەت.

٤- بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار لەکاتی پێشکەش کردنی پرۆپۆزەلی کردنەوەی هەر لقێکی تری زانکۆی تایبەت ، وە ئەم بڕە پارە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر پرۆپۆزەلەکە بدرێت یاخود نەدرێت.

٥- بڕی (١٥٠٠٠٠٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پرۆپۆزەلی کردنەوەی هەر لقێکی تری زانکۆی تایبەت.

٦- بڕی (٨٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار لەکاتی پێشکەش کردنی پرۆپۆزەلی کردنەوەی هەر لقێکی تری پەیمانگەی تایبەت ، وە ئەم بڕە پارە ناگەڕێندەرێتەوە ئەگەر رەزامەندی لە سەر پرۆپۆزەلەکە بدرێت یاخود نەدرێت.

٧- بڕی (٣٥٠٠٠٠٠٠) سی و پێنج ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پرۆپۆزەلی کردنەوەی هەر لقێکی تری پەیمانگەی تایبەت.

٨- بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠٠) سەد ملیۆن دینار لەکاتی گۆڕینی هەر لقێکی زانکۆی تایبەت بۆ زانکۆی تایبەتی سەربەخۆ.

٩- بڕی (١٥٠٠٠٠٠٠) پانزە ملیۆن دینار لەکاتی گۆڕینی هەر لقێکی پەیمانگەی تایبەت بۆ پەیمانگەی تایبەتی سەربەخۆ.

**پێنجەم:** لە بەرامبەر بەخشینی مۆڵەت بۆ کردنەوەی کۆلیژ یاخود بەشی ئەکادیمی لەزانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان ئەم رسوماتانەی خوارەوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێت و دەخریتە سەر سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵاو بەپێی ماددەی ( شەشەم / یەکەم ٢ ) لەیاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) .

١- بڕی (٨٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار لەکاتی پێشکەش کردنی پرۆپۆزەلی کردنەوەی کۆلێژ یان سەنتەری زمان یان یەکخستنی چەند بەشێك بۆ کۆلێژ لە زانکۆی تایبەت ، وە ئەم بڕە پارە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لە سەر پرۆپۆزەلەکە بدرێت یاخود نەدرێت.

٢- بڕی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لە سەر پرۆپۆزەلی کردنەوەی کولێژ یان سەنتەری زمان یان یەکخستنی چەند بەشیك بۆ کۆلێژ لە زانکۆی تایبەت.

٣- بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لە کاتی پێشکەش کردنی پرۆپۆزەلی کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت یاخود پەیمانگەی تایبەت ، وە ئەم بڕە پارە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لە سەر پرۆپۆزەلەکە بدرێت یاخود نەدرێت .

٤- بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پرۆپۆزەلی کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت یاخود پەیمانگەی تایبەت.

**شەشەم:** لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ساڵانە ڕسومات لە داهاتی گشتی ساڵانەی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی ماددەی ( شەشەم / یەکەم ٢) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەم شێوەیەی خوارەوە.

١- بڕی (٣٪) داهاتی گشتی ساڵانەی کرێی خوێندن کە لە خوێندکاران و قوتابیان وەریدەگرن ، وە ئەم ڕسوماتە ساڵانە بەدوو قیست وەردەگیرێت لە کۆتایی هەر کۆرسێکی خوێندن قیستێك وەردەگیرێت.

٢- بڕی (٣٪) ی کۆی داهاتەکانی تر جگە لە کرێی خوێندن ، وە ئەم ڕسوماتە بە یەك قیست لە کۆتایی ساڵی خوێندن وەردەگیرێت.

٣- ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە بەفەرمانی وەزاری لە کرێی خوێندن بەخشراون ئەوا وەرگرتنی ڕسوماتی لەسەر جێبەجێ ناکرێت .

**حەوتەم :** بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار وەك ڕسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردەگیرێت بەرامبەر ووردبینیکردنی فۆرم و دۆکومینتەکانی وەرگرتن بۆ قوتابی / خوێندکارێك .

**هەشتەم:** لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژێنەوەی زانستی رسومات لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردەگیرێت بەرامبەر پەسندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەکانیان و پێدانی پشتگیری دەرچوون بەم شێوەیەی خوارەوە.

١- بڕی (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار لە خاوەن بڕوانامە وەردەگیرێت بەرامبەر پەسندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسراو (شهادە جداریە) .

٢- بڕی (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار لە خاوەن بڕوانامە وەردەگیرێت بەرامبەر پەسندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی بەنمرە بۆ هەر زمانێك ( کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ) .

٣- بڕی (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار لە خاوەن بڕوانامە وەردەگیرێت بەرامبەر پێدانی پشتگیری دەرچوون .

**نۆیەم:** ئەگەر کۆلێژی زانکۆیی لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە ئەوا لە ڕوانگەی ڕسوماتەوە وەك زانکۆی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**دەیەم:** ئەم ڕێنماییە لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٥- ٢٠١٦ ) جێبەجێ دەکرێت .

**د. یوسف گۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**